# حوكمی لەباربردنی كۆرپەلە

[ كردي – كوردی – kurdish ]

## شێـــخ عبد العزیز بن بـــاز


وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی كوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2014 - 1435

IslamHouse.com

# حكم إسقاط الحمل

« باللغة الكردية »

الشيخ عبد العزيز بن باز

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# حوكمی لەباربردنی کۆرپەلە

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی شێخ عبد العزیز بن باز کراوە ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) :

**پرسیار** : ئایا حوکمی ئەو ئافرەتە چیە، بە دەست ئەنقەصد و بەعەمدی پاڵ بنێت بە بەفرگر ( ثلاجة ) یەکەوە، بۆ ئەوەی ئەو منداڵەی لە سکیدایە لەباری ببات ؟

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفی وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

ئەوە کارێکی دروست نییە ، ئەو ئافرەتەی کە سکی هەیە بۆی نییە شتێك بەکار بهێنێت، بۆ ئەوەی منداڵەکەی لەبار ببات، نە بەو کارە ی کە شتێکی قورس هەڵبگرێت، نە بەوەشی کە

لەجێگایەکی بەرزەوە باز بدات، یان هە ر شتێکی تر کە ببێت

بەهۆی لە باربردنی منالّە کەی، بۆیە واجبە لەسەری دوور

بکەوێتەوە لەهەموو ئەو شتانەی کە دەبێتە هۆی لەباربردنی

منالْ، مەگەر لە کاتێکدا نە بێت کە سکەکەی چل ڕۆژ بێت و

پێویستی و زەرورەتێکی وا تەنگی پێ هەلْچنیبێت، کە پێویست

بکات سکەکەی لەبار ببات، چونکە کۆمەلّێك لە زانایان ڕێگایان

داوە بەوەها حالّەتێك، بەلاّم بەو مەرجەی لەڕێگای پزیشکێکی

شارەزای متمانە پێکراو بێت، لە گەلْ ئەوەشدا ئەگەر بتوانێت

وازهێنانی لەوە کارێك باشترە، بەلاّم وەك ووتمان ئەگەر هاتوو

سك پڕیەکەی نارەحەتی دەکرد، وەك ئەوەی منالّی زۆری هەبێت،

یان نەخۆش بێت و سك پڕی زیانی هەبێت بۆ سەر تەندروستی،

لە چل ڕۆژی یەکەمی سکەکەیدا دروستە بۆی بە رێگایەکی ساغ و

تەندروست سکە کەی لە باری ببات وهیچ ی تێدا نییە ، بە لاّم

لەدوای ئەو چلە ڕۆژەوە بەهیچ شێوەیەك دروست نییە ئافرەت

سکی خۆی لە بار ببات، تە نها لە هەندێکی حالّە تی تایبە تدا

نەبێت کە  پزیشکەکان بڵێن ئە گەر ئەو منداڵە  لەدایك ببێت مەترسی هەیە بۆ سەر ژیانی دایکەکە، وەك ووتمان بڕیار دان لەسەر وەها حاڵەتێك دەگەڕێتەوە بۆ بڕیاری پزیشکی پسپۆڕی ماتمانە پێکراو .

خوای گەورەش زاناترە ..

سەرچاوە : فەتواکانی بەرنامەی نور علی الدرب، وەرگیراوە لە ماڵپەڕی شێخ عبد العزیز بن باز .